# بڕیاری ئیعدام بۆ روژنامه نوس عەدنان حەسەنپوور

# و عبدوالواحد بووتیمار ( هیوا )هەڵبوەشێتەوە

**خەڵکی ئازادیخوازی جیهان!**

**ئەنجومەنی ئاسایشی نەتەوە یەکگرتووەکان!**

**وەزارەتی دەرەوەی ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا!**

**یەکێتیی ئەورووپا!**

**رێکخراوی لێبووردنی نێونەتەوەیی!**

**سەندیکای رۆژنامەنووسانی کوردستان و جیهان!**

**رێکخراوی هەواڵنێرانی بێسنوور!**

**ئەنجومەنی جیهانیی قەڵەم!**

**رێکخراوی چاودێری مافی مرۆڤ!**

**ناوەندە ئازادیخوازەکان و مرۆڤدۆستەکان!**

ئیعدام دیاردەیەکی قیزەون و دزێوە و لە لایەن ناوەندە جیهانییەکانی مافی مرۆڤە، بە پێی کۆمەڵێك بڕیارنامەی جیهانی وەك پێشێل کردنی مافی مرۆڤ دێتە ئەژمار. ئیعدام ئەمڕۆکە لە لایەن وڵاتە توتالیتەر و سەرەڕۆکانەوە وەك سزایەك بۆ سەرکوتکردنی بیرە ئازادیخوازەکان و دەنگە جیاوازەکان و... کەڵك لێ وەردەگیردرێ.

دوێنێ هەواڵی دەرکردنی بڕیاری ئیعدام لە لایەن دادگای سنە وە بۆ رۆژنامە نوس"عەدنان حەسەنپوور"، ئەندامی دەستەی نووسەرانی هەفتەنامەی داخراوی "ئاسۆ" و "هیوا بووتیمار" (عەبدولواحد بوتیمار)، چالاکیی مەدەنی لە لایەن میدیاکانەوە بڵاوکرایەوە.

دەرکردنی بڕیاری ئیعدام بۆ ئەم دوو چالاکە کوردە، هەر لە جێدا نەك هەردژی کۆنڤانسیۆنی جیهانیی مافەکانیی مرۆڤ کە  کۆماری ئیسلامییش بۆ خۆی پەسەندی کردووە، بەڵکوو سەلمێنەری ئەوەیە کە کاربەدەستانی ئەو رژیمە هەتادێ پتر دژی کۆنڤانسیونی ناوبراو دەجوولێتەوە و پێشێلی دەکەن.ئەم بڕیارەشی  بە تایبەتی بۆ هەڵسوڕاوانی بواری رۆژنامە وانی و مەدەنی یەکێکە لە نموونە زەقە کانی ئەم پێشێلکارییە وهەروەها بێ حورمەتییەکی تەواویشە بەو  پرینسیپە نێو نەتەوەییەکان.

ئێمە کە ناوەکانمان لە خوارەوە هاتووە، وەك کۆمەڵێك لە چالاکانی بوارگەلی رۆژنامە وانی، مەدەنی، سیاسی، روناکبیری، ژنان، خوێندکاران و کەلتووری کوردی،لە هەر چوار پارچەی کوردستان و کۆمەڵێك مرۆڤدۆستی غەیرە کورد، بەهاوکاری "لەیلی حەسەنپوور" (خۆشکی رۆژنامەنووس عەدنان حەسەنپوور)، دەرکردنی بڕیاری ئیعدام بۆ "عەدنان حەسەنپوور" و "هیوا بووتیمار"، مەحکووم دەکەین و داواکارین کەحوکمی ناعادلانەی  ئێعدامی ئەم دووکەسە بە زووترین کات هەڵوەشێتەوەوبە شێوەیەکی عادلانە دادگایی بکرێن.

هەروەها داوا لە هەموو دڵسۆزان و ناوەند و رێکخراوە جۆراوجۆرەکان دەکەین کە لەم بارەوە هەڵوێست و نارەزایەتیی خۆیان دەربڕن و پشتیوانی لە ئازادکردنی ئەم دوو چالاکە کوردە بکەن.

کەمپەینی پشتیوانی

لە رۆژنامەنوس عەدنانی حەسەنپوور و چالاکی مەدەنی هیوا بوتیمار

2007.07.18

بۆ زانیار زیاتر دەتوانن پەیوەندی بەم ئیمەیل و ژمارە تەلەفوونانەی خوارەوە بکەن:

kempainp@yahoo.com

adnanhasanpoor@yahoo.com

Tel:

0533193782   07701487582   07301164982   07301191592  07301094554